ئێران...هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی ئاداب وهەموارکردنەوەی یاسای حیجاب

ئەمڕۆ چوارشەممە،دەزگاکانی راگەیاندنی ئێران بڵاویانکردەوە کە حکومەتی تاران بە یەکجاری پۆلیسی ئادابی هەڵوەشاندەوە و هەمواری یاسای حیجابیشی کردووە.

ئێران هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی پۆلیسی ئادابی لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی یاسای حیجابی وڵاتەکەی ڕاگەیاند.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی فرانس پرێس، محەمەد باقر قالیباف، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، هەموارکردنەوەی یاسای "حیجاب"ی پشتڕاستکردەوە و ڕوونیکردەوە کە یاسا هەموارکراوەکە هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی پۆلیسی ئەخلاق و ئادابی دیاریکردووە.

بەپێی میدیا ناوخۆییەکان، قالیباف ئێوارەی سێشەممە لە پەیامێکدا ڕایگەیاندووە، ئامانجی ئەم هەموارکردنە گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی حیجاب و گەیشتن بە کۆدەنگی گشتیە لەسەری. ئەم گۆڕانکاریانەش لەژێر گووشارەکانی شۆڕشی ژینا و ژن ژیان ئازادی لە ئێران دەکرێن.